


# لە ڕێورەسمێکی قەشەنگدا.. پاڵەوانانی کوردس

**ڕۆژی چوارشـــەمە لە ڕێستورانتی تارین لە شاری هەولێر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشترینەکانی کوردســـتان لەسەر هەرسێ ئاســـتی لاوان و تازەپێگەیشتووان و پێشکەوتووان خەڵات کرد، ڕێورەسمەکە بە ئامادەبوونی ســـەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان مەلا بەختیار و وەزیری پێشمەرگە شێخ جەعفەر و پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان ئیمداد بارزانی و چەندین بەرپرسی حزبی و حکوومی بەڕێوەچوو، لە ســـەرەتای ڕێورەســـمەکە یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد، دواتر وتاری هەریەك لە ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان ســـەفین کانەبی و سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و پارێزگاری هەولێر پێشکەشکران.**

### هەولێر پاڵەوانی کوردستانە

لە خولـــی نایابی کوردســـتان بۆ تۆپی پێ لەســـەر ئاستی پێشـــکەوتوان هەولێر توانـــی پلەی یەکـــەم بەدەســـت بهێنێت دوای ڕکابەرییەکـــی بەهێز لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، کە پلەی دووەمی خولەکەی بە دەســـتهێناو یانەی کەرکوك پلەی ســـێیەمی بەدەســـتهێنا، لەم خولە خاوەنی پلەی یەکـــەم ٧٥ ملیۆن دینار و پلـــەی دووەم ٥٠ ملیۆن دینـــار و پلەی ســـێیەم ٣٠ ملیۆن دیناریان وەرگرت، هەر لـــەم خولەدا غەفوور عوســـمان گۆڵچی یانەی بروسك بە باشترین گۆڵچی لەسەر ئاستی کوردستان بۆ وەرزی چوارەم لەسەر یەکدی دەستنیشـــان کرا و یاریزان سامح ڕۆستەم بە باشـــترین یاریزان و گۆڵکاری خولی کوردستان دەستنیشان کرا، ڕاهێنەری یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر (عەبدوڵڵا مەحمود )بەباشـــترین ڕاهێنەر لەســـەر ئاستی کوردستان دەستنیشان کرا.

### لاوانی هەولێر پارێزگاری لە نازناو دەکەن

لە خولـــی نایابی کوردســـتان بۆ تۆپی پێ لەسەر ئاســـتی لاوان یانەی هەولێر توانـــی بۆ جـــاری دووەم لەســـەر یەك نازناوی خولەکە بەدەســـت بهێنێت، دوای ڕکابەرییەکی بەهێز لەگەڵ یانەی پێرس کە پلەی دووەمی خولەکی بە دەستهێنا، لەم خولە یاریزانی یانەی هەولێر ئاســـۆ یەحیا بە باشـــترین یاریزان لەسەر ئاستی کوردستان دەستنیشان کرا.

### هەندرێن پاڵەوانی تازەپێگەیشتووانە

لە خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێ لەسەر ئاســـتی تازەپێگەیشتووان، یانەی هەندرێن توانی بە شایستە ببێتە پاڵەوانی خولی کوردستان دوای ڕکابەرییەکی بەهێز لەگەڵ یانەی ســـەورە، کە پلەی دووەمی خولەکەی بە دەســـتهێنا و یانەی شێروانە پلەی سێیەمی بە دەستهێنا، هەر لەم خولەدا یاریزانی یانەی ســـەورە بورهان جومعە بە تۆمارکردنـــی ١٠ گۆڵ بـــووە گۆڵکار و باشترین یاریزانی خولی تازەپێگەیشتووانی کوردســـتان بۆ تۆپی پێ، گۆڵچی یانەی کەرکووك باریق عەبدولڕەزاق بە باشـــترین گۆڵچی دەستنیشـــان کـــرا و ڕاهێنەری شـــێروانە مەســـعود ڕەشـــید بە باشترین ڕاهێنەر دەستنیشـــان کـــرا، خەڵاتەکانی تازەپێگەیشتووان پێکهاتبوو لە پلەی یەکەم ٢٠ ملیۆن دینار و پلەی دووەم ١٥ ملیۆن دینار و پلەی سێیەم و یانەی شێروانە ١٠ ملیۆن دیناریان وەرگرت.

ڕێبین ڕەمزی
فۆتۆ: ئەردەلان قادر




# ـــــستان خەڵات کران

## نێچیرڤان بارزانی خەڵات کرا

هەر لە درێژەی ڕێورەســـمی خەڵاتکردندا یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان خەڵاتێکی تایبەت پێشـــکەش بە ســـەرۆکی پێشووی حوکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بکات بەهۆی ئەم پاڵپشتیە بەهێزەی کە لە وەرزشـــی کوردستانی کرد، چ لە کردنەوەی خولەکانی کوردســـتان چ لە نۆژنکردنەوەی یاریـــگاکان، کە تیایدا ئیمداد بارزانی بە نوێنەری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی خەڵاتەکـــەی وەرگرت و هەروەها خەڵاتێکی تایبەتی بە ســـەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان مەلا بەختیار بەخشرا.

## خولی ناوبژیوانان تەواو بوو

هەر لە ڕێورەســـمەکەدا کۆتایی بەخولێکی نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانانی عێراق هات، کە ماوەی (٥) ڕۆژی خایاند لە شاری هەولێر کە تیایدا ٣١ ناوبژیوان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەشداریان تیایدا کردبوو.

لەم خولە هەریەکە لە ئوردنی ئیســـماعیل ئەلحافـــی وەکـــو بەڕێوەبـــەری خـــول و وانەبێژی نێودەوڵەتی قەتەری هانی بەلان و قەتەری ســـەلمان شریدی وەکو وانەبێژی توانای جەســـتەیی بەشێوەیەکی پراکتیکی و تیـــۆری ڕۆژانە لە هۆڵـــی کتێبخانەی گشـــتی هەولێر- زەیتـــون بەڕێوەچوو، لەم ڕێورەســـمەدا بڕوانامـــەی باوەڕپێکراوی ئاســـیایی بە ناوبژیوانان بەخشرا، ئەم خولە بە سەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و بە هاوکاری یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا.

لە کۆتاییدا دەبێت دەستخۆشی لە سەرۆك و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکرێت، چونکە ئـــەم یەکێتیە چالاکترین یەکێتی وەرزشیە لەسەر ئاستی کوردستان، دەتوانین بڵێین لەســـەر ئاستی عێراقیش، چونکە توانی لە ماوەیساڵێکدا خولەکانی پلەی سێ و دوو و یەك و نایابی کوردستان بـــە ســـەرکەوتوویی بکاتـــەوە و هەروەها خولەکانی لاوان و تازەپێگەیشـــتووانی پلە نایابەکانی کوردســـتان کرایەوە، لە هەمان کاتـــدا چەندین خولـــی بەهێزکـــردن بۆ ڕاهێنەران و ناوبژیوانان و ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان کردەوە و ئێستاش خۆی بۆ بەشـــداریکردنی لە پاڵەوانێتی ڤیڤا بۆ تۆپی پـــێ لە وڵاتی ماڵتا ئامادە دەکات، هیواداریـن یەکێتیە وەرزشییەکانی تر هەمان ڕێچکەی یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان بگرنەبەر بـــۆ ئەوەی ئاســـتی وەرزش لە کوردستان زیاتر پێش بکەوێت.






خولی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی کۆتایی هات



هەندێ پاڵەوانی خولی تازەپێگەیشتووانە

# ڕۆناڵدۆ:
# حەزم نەدەکرد سەیری یارییەکانی خولی یانەکانی ئەوروپا بکەم

ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و یاریزانی نێودەوڵەتی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ جەختی لەوە کردووە کە بەهیچ شێوەیەك حەزی نەدەکرد سەیری یارییەکانی خولی یانەکانی ئەوروپا بکات دوای ئەوەی لەسەر دەستی یانەی لیۆن ماڵئاوایی کرد، ڕۆناڵدۆ زیاتر وتی ددان بە هەموو شتێك دەنێم، بۆیە حەزم نەدەکرد سەیری یارییەکان بکەم، چونکە هەستم بریندار دەبوو تیپەکەمان زۆر باش بوو، بەڵام بەهۆی بوونی هەندێ هەڵەی کوشندە تووشی ئەم کارەساتە هاتین، دەبێ وانەیەك لە تاقیکردنەوەی وەرزی ئەمساڵ وەرگرین و لە وەرزی داهاتووش بەسەر بەرزی یاری بکەین، هەروەها وتی ڕاستە تیپەکەمان چەندین ئەستێرەی بە توانای تێدایە و دەبوایە زۆرترین نازناو لەم وەرزە کۆبکەینەوە، ئەمە وەرزی یەکەممانە بەم پێکهاتە یاری بکەین و ناشڵێم پێویستمان بە کات هەیە و دەبێ ئەوەش بزانین ئێمە چانسمان لە یارییەکان نەبوو بەتایبەتی بەرامبەر یانەی لیون، ڕۆناڵدۆ لە کۆتاییدا وتی: ئێستاش خولی یانەکانی ئیسپانیامان لە پێشە و نابێ لە دەستی بدەین و جەماوەریش لەگەڵ خۆمان ئاشت بکەینەوە.





# دیل بۆسکی لە پێکان دەترسێت

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا دیل بۆسکی لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند کە ترسی لە یارینەکردنی کۆمەڵێك لە ئەستێرەکانی ئیسپانیا هەیە بە هۆی پێکانیانەوە لە مۆندیالی داهاتوودا.

دیل بۆسکی بۆ ڕۆژنامەی مارکا وتی: زۆر دەترسێم بەشداری لە مۆندیال بکەین و باشترین یاریزانەکانمان بەهۆی پێکان لەگەڵمان نەبن، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

ئەم لێدوانەی دیل بۆسکی دوای ئەوە دێت کاتێك پزیشکەکانی یانەی لیڤەرپوول ئاشکریان کرد کەوا تۆرێس ڕەنگە لە یەکەم یاری مۆندیال ئامادە نەبێت بەهۆی پێکان و لە هەمان کاتدا یاریزانان سیسك فابریگاس و مارکۆس سینا و ئەندریس ئەنیستا تووشی پێکان هاتوون و ئێستا بە قۆناغی چاکبوونەوە تێدەپەڕن.

دیل بۆسکی زیاتر وتی: هیوادارم ئەم یاریزانانە تاوەکو ١١ی حوزەیران بە تەواوی بگەڕێنەوە یاریگا، هیوادارم ڕاهێنەری بەرشلۆنە گواردیولا یاری بە زاڤی نەکات، چونکە ئەویش پێکانی هەیە.

جێگەی باسە ڕاهێنەر دیل بۆسکی لە ٢٠ی ئەم مانگە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی ئاشکرا دەکات، دواتر دەچنە وڵاتی نەمسا بۆ کردنەوەی ئۆردوگایەکی مەشقی بۆ خۆ ئامادەکردنیان بۆ یارییەکانی مۆندیال، هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەکێکە لە هەڵبژاردە پاڵێوراوەکان بۆ بەدەستهێنانی جامی جیهانی و لە کۆمەڵەی هەشتەم شانبەشانی هەڵبژاردەکانی سویسرا و هندۆراس و چیلی یاری دەکات.



# لە ئاسمانی خولی ئیتاڵیا ناوی (میلیتۆ) دەدرەوشێتەوە


بەو هۆیەی کە تۆپی پــێ لە جیهاندا بوونی هەیە، ئەرژەنتین بە پلەیەکی باش دێت بۆ دروســتکردنی ئەســتێرەی تۆپی پــێ و خەڵکەکەی هەوای تۆپی پێ هەڵدەمژن و خۆشەویســتیەکی رادەبەدەریان هەیە بۆ ئەم یارییە، دیگۆ میلیتۆ ناوێکە کە مێژووی تۆپی پێی ئیتاڵیا پارێزگاری لێدەکات و ئەستێرەیەکی لێهاتووی (ئەنتەر میلان)ە و لە زۆر بۆنەوە وەکو گۆڵکارێکی کالیشــۆ ناسراوە، میلیتۆ شــارەزاییەکی تەواوو نهێنیەکانی ئەم خولە باش دەزانێت و لە ســاڵی ٢٠٠٣ رووی لە جەنــەوا کرد پێش ئەوەی پێوەندی بە ئەنتەر میلان بکات، ئەو کاتەی میلیتۆ لە وڵاتی تانگۆ پێوەندی بە وڵاتی ئەندەلوس کرد، سەرەتا لە یانەی رایسینگ کلوپی ئەرژەنتینی یاری دەکرد و ســاڵی ٢٠٠٣ پێوەندی بە کۆنتریــن یانەی ئیتاڵیا کرد کە ئەویش یانەی جەنــەوا بوو لە پلە دوو یــاری دەکرد و بۆ ماوەی دوو وەرز مایەوە و توانی ٣٣ گــۆڵ تۆمار بکات، دواتر ســاڵی ٢٠٠٥ پێوەندی بە خولی لالیگای ئیســپانی کرد و ساڵی ٢٠٠٨ جارێکی دیکە رووی لە خولی کالیشۆ کرد، ئەمجــارەش لە یانەی جەنــەوا، بەڵام لە خولی پلە یــەك یارییان دەکرد و هەمــوو ئەو بۆندانەی رەتدکردەوە لەلایــەن بەناوبانگترین یانەکانی جیهانی بۆی هاتبوو، دوای ئەوەی یانەی جەنەوا ناوی میلیتۆی لە لیستی یاریزانە فرۆشراوەکان راگەیاند کە میلیتۆ زۆری پێ ناخۆش بوو، میلیتۆ بۆندێکی تا ســاڵی ٢٠١٣ی لەگەڵ ئەنتەر میلان مۆرکــرد لەتەك یاریزانان ئیتۆ و زانێتی یاری بکات و چەندین دەســتکەوتی باشی بۆ بە دەستهێنا و ناوی خســتە نێو بەناوبانگترین گۆڵکارانی خولی یانەکانــی ئیتاڵیا، چاودێران دەڵێــن نرخی میلیتۆ لــە ئەنتەر میلان هیچی کەمتر نییە لە میســی لە بەرشلۆنە کە هاورێیەتی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، میلیتۆ ئێستا لە لیستی باشترین یاریزانە هێرشبەرەکانی جیهانی دێت، میلیتۆی تەمەن ٣٠ ساڵ بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەیشــتنی ئەنتەر میلان بۆ یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەوروپا و بەرشلۆنەی پاڵەوانی پارساڵی دوورخستەوە، بۆیە ئەنتەر میلان ناتوانێ زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم یاریزانە بێت.

# رۆبینهۆ ناگەڕێتەوە بۆ مانچستەر سیتی

یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی سانتۆس-ی بەرازیلی رۆبینهۆ لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکان ئاشــکرای کرد، کە هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکات لەگەڵ یانەی سانتۆس، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی سن-ی بەریتانی وتی: حەز ناکەم بگەڕێمەوە یانەی مانچســتەر ســیتی، لە یانەی سانتۆس خۆم دۆزیەوە و ئاســتێکی باشم لەگەڵ ئەم یانەیە پێشکەش کرد، لە چەند مانگی داهاتوودا کاتی خواســتنم لەم یانەیە تەواو دەبێت، بەڵام حەز دەکەم هەر لە سانتۆس یاری بکەم،تا ئێستا هیچ قسەیەکم لەگەڵ مانشینی راهێنەری مانچستەر ســیتی نەکردووە، بەڵام بە بۆچوونی خــۆم لەگەڵ پلانی دوارۆژی ئەم راهێنەرەدانیم.

لە درێژەی قســەکانیدا وتی: هەستم بە ناخۆشییەکی زۆر دەکرد لە یانەی مانچســتەر سیتی، چونکە یاریم نەدەکرد، بەڵام لە سانتۆس هەموو بوارێکیان بۆ رەخساندم، ئێستا خۆم بۆ بەشداریکردن لە مۆندیالی داهاتوو ئامادە دەکەم.

جێگەی باســە رۆبینهۆ تەمەن ٢٦ ســاڵ لە ساڵی ٢٠٠٨ چووە ریزی یانەی مانچســتەر ســیتی و بڕی بۆندەکەی ٣٢ ملیۆن جنیەی ئەســترلینی بوو، بــەڵام لەم یانەیە بە شێوەیەکی سەرەکی یاری نەدەکرد، بۆیە بە شێوەی خواستن چووە ریزی یانەی سانتۆس تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ.



# سەلاح محەمەد کەریم:
# بەڵێ ساختەکاری لە تەمەنی ناوبژیوانان کراوە



**کەس ناتوانێ نکۆڵی لە خزمەتکردنی مامۆستا سەلاح محەمەد کەریم ناوبژیوانی پێشووی نێودەوڵەتی و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی عێراق و وانەبێژ لە یەکێتی ئاسیا بکات، کە توانیویەتی خزمەتێکی تەواوی وەرزشی عێراق و کوردستان بکات و تا ئێستا چەندین ناوبژیوانی چالاك و بە توانای پێگەیاندوە، ئێمەش بە باشمانزانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازبکەین.**

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی ناوبژیوان لە عێراق؟**

- بە رای من ئاستی ناوبژیوانانی عێراق نەگەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، نموونەش بۆ قسەکانم هیچ ناوبژیوانێك یارییەکانی مۆندیالی بەڕێوە نەبردووە و ئێستا خولێکمان کردۆتەوە بەهیوای ئەوەین بەشداربووانی ئەم خولە لە داهاتوو بتوانن لە جامی ئاسیا یان لە مۆندیال ناوبژیوانی بکەن.

*** ئاستی ناوبژیوان پێشتر باشتر بوو یان ئێستا؟**

- تا رادەیەك پێشتر باشتر بوو، هەر ناوبژیوانێك حاڵەتێکی خۆی هەیە، ناوبژیوانانی پێشتر کەسایەتییەکی بەرزیان هەبوو، بە تەواوی کۆنترۆڵی یارییان دەکرد، بەداخەوە ئێستاکە ناوبژیوانەکانمان نەیانتوانیوە ١٠٠٪ کۆنترۆڵی یارییەکان بکەن، بەڕاستی ئەمەش بۆ بارودۆخی عێراق بە گشتی و یانەکان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە و دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی کە ناوبژیوان نەتوانێ بە تەواوی کۆنترۆڵی یاریگا بکات.

*** گلەیی و گازندەیەکی زۆر دەکرێ کە ناوبژیوانە نێودەوڵەتییەکان ساختەکاری لە تەمەنیان دەکەن؟**
- ئەمە شتێکی روون و ئاشکرایە ئەم قسانە هەمووی راستە، زۆر بەڵگەش هەیە کە ساختەکاریان لە تەمەن کردووە بۆ ئەوەی لە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بمێننەوە و کارێکی زۆر خراپە و باش نییە، ئێستا یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق کارێکی وای لەبەر دەستدایە بۆ دیاریکردنی تەمەنی ناوبژیوانەکان تا ساختەکاری نەمێنێت.

*** کەی کوردستان دەبێتە خاوەنی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی؟**
- بەرای من هێشتا ماویەتی، ئێمە وەکو لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و وەکو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەبێ کارێکی وا بکەین هەوڵ بدەین ناوبژیوانی نێودەوڵەتیمان هەبێت و زیاترهەوڵیان لەگەڵ بدەین و هانیان بدەین تا ناوبژیوانی نێودەوڵەتیان لێ دروست بێت.

*** بۆچی لە کوردستان تەمەن بۆ ناوبژیوانان پەیرەو ناکرێت؟**
- راستە تا ئێستا ئەم کارە نەکراوە لە فیفا ئێستا رادەیەك بۆ تەمەن دانراوە، دەبێ لە کوردستان وا بکەین ئەو ناوبژیوانانەی بە تەمەنن واز لە کاری ناوبژیوانی بهێنن بچنە کاری وانەبێژی یان سەرپەرشتیار، بەراستی کاتی ئەوە هاتووە تەمەن دیاری بکەین، یارییەکانی ئێستا زۆر بەهێز بووە و گەر ناوبژیوانێك گەنج نەبێت، ناتوانێ یاری بەڕێوە ببات و کۆنترۆڵی یاری بکات.

*** چەند یاری نێودەوڵەتیت بەڕێوە بردووە؟**
- ٣٠ یاریم وەکو ناوبژیوانی ناوەڕاست بەڕێوەبردووە.

*** بەرزترین پاڵەوانێتی کە بەشداریت تیاکردووە؟**
- خولەکانی ئاسیا لە ساڵەکانی ١٩٨٢ لە هیندستان و ١٩٨٦ لە کۆریای باشوور و باشترین ئەو یارییانە بوون کە بەڕێوەم بردبێ و پلەیەکی باشم وەرگرتبێ، ئەویش یاری نێوان ژاپۆن و ئەندەنوسیا بوو لە پاڵاوتنی یارییەکانی مۆندیال لە لایەن چاودێری یارییەکە ٩،٥ لە پلەی ١٠م وەرگرت ئەمەش بەرزترین پلەیە کە ناوبژیوان وەری دەگرێت.

*** بە رای تۆ جارێکی دیکە ناوبژیوانانی عێراقی لەم پاڵەوانێتیانە دەبینین؟**
**- لە دوارۆژێکی زۆر دوور بۆ مۆندیال، بەڵام بۆ جامی ئاسیا لە ماوەی چەند ساڵێکی دیکە دەتوانن ناوبژیوانی بکەن.**

*** لە چی پەشیمانیت؟**
- ئەو شتانەی کردوومە لە هەمووی سەرکەوتوو بوویمە پەشیمان نیم، بەڵام هەندێ شت هەبووە بەربەست بووە لە پێشم کە نەتوانم بەشداری لە مۆندیال بکەم، بەڵام لە پاڵاوتنەکانی ئۆلۆمپیاد و مۆندیال بەشداریم کردووە و لەبەر بارودۆخی عێراق نەگەیشتمە یارییەکانی مۆندیال.

*** هیواداریت وەکو چاودێر یان سەرپەرشتیار بەشداری بکەیت.**
- بەڵێ، زۆر حەز دەکەم...

*** ئەو یارییەی کە حەزت دەکرد تۆ ناوبژیوان بوایت؟**
- دەبوایە لە جامی ئاسیا یاری کۆتاییم بەڕێوە بردیایە، بەڵام یاری پێش کۆتاییان بە من سپارد ئەویش یاری کۆریا و ئەندنوسیا بوو، یاری کۆتایشیان دا بە ئەحمەد جاسم کە ئێستا لە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کار دەکات.

*** ناخۆشترین یاری کە بەڕێوەت بردبێت؟**
- ناتوام بڵێم ناخۆشترین یاری، بەڵام هەندێ یاری چارەنووساز هەبوو ئەویش لە خولی عێراق لە نێوان یانەکانی زەوراو و تەڵەبە و رەشیدی ئەو کات، بەڵام یاری کۆتایی جەوییە و زەورا کە ناوبژیوان بووم زەحمەت بوو، لەبەر ئەوەی گۆڵێکی زەوراءمان نەژمارد بە بیانوی ئەوەی ئۆفسایدبوو، ئەمە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، دواتر قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە دەستەی ناوبژیوانی ئەو یارییە ویستیان قوەی جەوییە بکەنە یەکەمی عێراق.

*** لە دەرگاری خۆشەویستت داوە؟**
- ئەم شتانەم تووش نەهاتووە و بیرم لێ نەکردۆتەوە.

*** باشترین ناوبژیوانی جیهانی؟**
- کۆلینا.

*** وەکو پسپۆڕێك لە کوردستان چاوەڕوانی لە چ ناوبژیوانێك دەکەی ببێتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی؟**
- ئێستا چاوەڕوانی لێناکەم هەرچەندە وەکو هەرێمی کوردستان هەوڵی بۆ دەدەین کە ناوبژیوانی نێودەوڵەتیمان هەبێت، بەڵام تا ئێستا دیاری نەکراوە.



بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com